# مودەی سیاسی و تیروریزم

ئاسۆحەمید

**روخسارە گشتیەکانی هاوچەرخ**

قیرانە ئابووریەکان هەر جارێ لە نیوان 10 تا 12 ساڵ جارێک خۆیان دووبارە دەکەنەوە،ئەم قیرانانە لە ئەنجامی هەلاوسانی بەرهەمهێناندا روودەدەن. ئەم وەزعە ئابووریە هەموو شتێ لەگەڵ شەپۆلەکانی دەبا.لە هەمان کاتتدا ئالوگۆرە سیاسیەکان کاریگەری کەم و زۆر لەسەر رەوتی رووداوەکان دا دەنێن و شیوەی جیاجیای پیدەدەن و کاتی روودانی دوادەخەن و بەپێشی دەخەن یان دەبنە هۆی تەقاندنەوەی..
ئالو گۆرە ئابووریەکان هەموو دیاردەکانی تر بەدوای خۆی کێش دەکات ، لەلایەکی تر دیاردەکان دەبنە هۆی ئالوگۆرەکان  هتد هتد..بازنەیەکی داخراو و گۆراو دروست دەکەن و ناکەن..
هەموو دیاردەکان بەرهەمی ئالوگۆرەکانی بنەما ئابووریەکانن و لەهەمان کات کاریگەریان لەسەر ئالوگۆرە ئابووریەکانیش هەیە..
دەورانی ئابووری ریگنیزم و تاتشەریزم لە سەرەتای هەشتاکاندا بە خسوسی کردنی دامودەزگاکانی بەرهەمهینانی دەولەتیەکان و سەرەتای گەشەی لیبرالیزمی نوێ لە دونیادا سەرەتای سەرهەلدانی شان داخزاندنی دەولەت بوو لەبەر دەم خزمەتگوزاریەکان و بیمەکۆمەلایەتیەکان، لە نەهجی سیاسەتی دەرەوەیی تێکشکانی بلۆکی رۆژهەلات ستراتیژی ئەبەدی سەرمایەدارانی بەناو دیموکراسی و مافی مرۆڤ بوو..
سیاسەتی ئەمریکا و ئەوروپای رۆژئاوا بۆ تیکشاندنی سیاسەتی بلۆکی رۆژهەلاتی بەناو کۆمۆنیست هەموو چەکەکانیان بۆ خستە گر، ئەو سەردەمە گیروگرفیتی رۆژهەلاتی ناوەراست بەتایبەتی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل لە لایەک لە دوا مەنزلی دا کێشەی ئەفغانستان کە هەم لە باری سیاسی ئەهمیەتیکی گرنگی هەبوو کە هیزەکانی رووس کە دلی یەکیتی سۆڤیەتی پێکدەهینا تێکبشکینن، لە لایەکی تر ناوچە بەپیتەکانی دەوروبەری بەتایبەتی گازی سروشتی لە تورکمانستان و باشترین شوینی فرینی فەزای لە ئۆزباکستان ئەمریکا و وولاتانی ئەوروپا ی رۆژئاواو تورکیا یان سەرسام کردبوو لە هەمان کاتتدا ئالوگۆر بە مۆدیلەکانی ستراتیژی لە رۆژهەلاتی ناوەندا.. ئەمانە هەموویان بوونە هەلێک بۆ یارمەتی جدی وولاتانی سەرمایەداری تا تروسکای کۆمۆنیستی کە لە واقع دا هەمان رەوەندی خۆیان بوو بەلام بە شکلی جیا بکوژیننەوە، بۆ ئەم هەولەیان هەموو هیزەکانیان خستە گر..یارمەتیەکان هەر لە هیزەکان و چەک و پارەو هتد نەبوو بەلکو گەشەدان بە دین و مەزهەب بۆ هەرچی مانەوەی کۆمەلگاکان لە دواکەوتووی...لەم دەورانەدا مەوجێک لە هیزی مجاهدین دەستی پیکرد.
بۆ هەموو سیاسیەکی رۆژهەلاتی ناوەند رۆشنە کەوا اخوان مسلمون لە میسر دەزگاکانی مخابەراتی سی ئای ئەی ئەمریکی یارمەتی بە ئاشکرایان کردن لە دژی چەپەکانی وولاتی میسر تەنانەت هاتنە سەرکاری خومەینی دەزگاکانی مخابەراتی فەرەنسایی کۆمەکیان کردن.. هتد هەزارو یەک نموونەی تر.. بەکورتی بە خودی قەولی سەرۆکی شارەوانی لەندەن ئیسلامیەکان دەسکەوتی سیاسەتەکانی وولاتانی ڕۆژئاوان...( رۆژنامەکانی هۆلەندا رۆژی 21 تەمووزی 2005 لە وەلامی شارەوانی لەندەن لە چاوپیکەوتینی لە گەل بی بی سی لە مەڕ هۆیەکانی تەقینە وەکانی لەندەن).
ئەگەرجی ئەمە بۆ هەموو کەسیک کە کاری لە سیاسەتکردبی نوێ نیە تەنها بیرهینانەوەیەکی خیرایە بە رەوتی رووداوەکان. رووداوەکانی 11ی سیپتمبەر لە دژی ئەمریکا دیاردەیەکی ئەم سیاسەتانە بوون، ئەوکات بۆ سیاسیەکان رۆشەن بوو دەبی دەورانیکی تر لە ئالوگۆرەکانی دونیا روویدەن..
کە هەموو دیاردەکان دەگۆرین و سەرکردەی دەولەتەکانیش، بەلام یەک شت ناگۆرێ ئەویش سەروەری سەرماییە. کارخانەکانی جەنگ دەبی سێ شفت بەردوام کار بکەن،
شەری ئەلتەرناتیفەکان دەبێ کۆتایی پێبێ، کالا کان و کانزا بە بەهاکان دەبێ لە دەستی کەمایەتیەکی کەم بمێنن..پەیامی بازاری ئازاد، مافی مرۆڤ، دیموکراسی هەموو دونیای داگرت و دەبێ دابگرێ ، وولاتان و دەسەلاتی بەناو کۆمۆنیستی دەبێ کۆتاییان پیبی.. ئەمانە و چەندین پەیامی تر لە ژیر پەردەی ئازادی، دیموکراسی بانگەشەی بۆ دەکراو دەکرێ..زۆر پارتی بە ناو کۆمونیستی گۆران و بوون بە دیموکراسی لە دونیادا زۆر لە دژایەتی ئەم سیاسەتانە پارتی نوێ کۆمونیستی دروست بوون، رێکخراوەکرێکاریەکان لە دلی وولاتانی سەرمایەداری بە هێزی زۆرەوە لە بەرگریدان بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان..هەزاران نموونەی رۆژانەی نارەزایەتیە کریکاریەکان لە تەواوی وولاتانی سەرمایەداری ئەو راستیە دووبارە و سێ بارە دەکاتەوە ئەگەر شیوەیەکی سیستەم بە ناوی کۆمونیست کۆتای هات و دەبێ ، ئەوا نەمامی ئەلتەرناتیڤی دەسەلاتی ئایندە لە دلی ئەم ریکخراوەکریکاریانە گەشەدەکات..کە لانی کەم داوای عەدالەتی کۆمەلایەتی دەکەن کە ئەمەش ناوەرۆکی مەسەلەکانە...لە هەمان کات لە بەرەکەی تردا بەرەی گەرانەوە بۆ مەزهەب و دین و دەسەلاتی ئایینی وەک ئەلتەرناتیف بۆ دەسەلات جەندین ریکخراو و پارتی سیاسی بۆ رازاندرایەوە بە پشتیوانی وولاتانی عەرەبی و ئیسلامیەکان...

سیاسەتەکانی نەوتی وولاتانی پیشەسازی حەوت و رووسیە لەم چەندین سالەی رابردوودا بۆ هەرچی زیاتر گەشەدان بە دامودەزگاکانی پیشەسازی و وابەستە بوونی وولاتانی نەوتی و غەیرە نەوتی بەسیاسەتەکانی ئابووری خۆیان لە تەواوی دونیادا. وولاتانی سەرمایەدارانی دونیا ئیستا لە بەرزترین پلەی هۆشیارین بە قازانج و دابەشکردنی وولاتانی دونیا لە نیو یەکتردا..سنوورەکان وا تیکهەلکێشن و ئالۆزن لە ناسنامەی کارو پیشەی کەسە سەرمایەدارەکان زیاترە. کیشمەکێشی نیوان وولاتانی سەرمایەداری بۆ هەرچی بەدەست هینانی قازانجی نەتەوەی لە سنووردی وولاتی خۆیاندا جۆریک لە دژایەتی دوژمنانەو نادوژمنانەی دروست کردووە.ئەمانە بە ئاسانی لە کاتی دەرکردنی بریارەکانیانە لە ئەنجومەنی ئاسایش و بریارەکانی دەولەتانی ئەوروپای.. تا دەگاتە هەموو ریکخراوە جیهانیەکانی تر..
ئەم کیشانە و مەسلەحەت سازییەی نیوان وولاتانی سەرمایەداری جۆریک لە سیستەمیکی ئالۆزو پر کێشەیان بۆ کۆمەلگاکان دروستکردووە..میدیا کانی وولاتانی سەرمایەداران و وولاتانی دەولەتی عەرەبی و ئیسلامی هەمبانەی کوورەکانی ئاگرن کە خەلکی پی دەسوتینرین و داغ دەکرین..
مەقۆلەی هەژار هەژارتر دەبێ و دەولەمەند دەولەمەندتر لە هەموو بازارەکانی دونیادا گوێ بیست دەبێ.. لەبازاری دۆلاری شێخەاللە لە هەولیر تا دەگاتە مەلایەکانی ئیران کە دەلالی سیخە وەردەگرن..تا دەگاتە لاس ڤیگاس و قومارخانەکانیان و بەپارەکانیان شوینە پیروزەکانی جولەکەکان لە جوروسەلیم پی دەکرن، شەری بە دۆلاری نیوان هیزەکانی سیرالیون بۆ کانەکانی ئەلماس و دزینی کەرەستە خاوەکان ...هەمووی هەر نرخی دۆلار تەوازنی بازار دیاری دەکات..لە ئوستراليا و رۆژهەلاتی ئاسیاش هەر وا....تەنانەت .....هەر بەهاکانی دۆلار دیاریان دەکات...
ئەم وەزعانە هەمووی دژایەتی، رق کینە ..لە دەروونی مرۆڤەکاندا دروستکردووە..خەلکی هەژار بۆ ژیانی ئاسایی دەبێ دەست بۆ چەک ببا..لە ئەفریقا خەلکی پیخواسن بەلام نوێترین چەکیان بە شانی وەیە بۆ نائارامی و دژایەتی یەکتر تا کەرەستە خاوەکانیان بدزرێ..زۆر جار دەکرێ ببپرسی ئایا پارەی تفەنگەکە ناتونێ ژیانی خەلکەکە دابین بکات..چۆن ناکرێ بەلام سەرمایەداران و دەسەلات چی بکا گەر شەر نەبێ..شەر هۆیەکە بۆ زیادکردنی سەرمایە..هەر لەزیدەبای کاری کریکارانی کارخانەکانی جەنگ تا دزینی کەرەستە خاوەکانی وولاتانی کە شەری لییە یان بە نرخی زۆر هەرزان لیان دەکڕی لەبەر بێ ئارامی..هەیمەنەی سەرمایەداران و بە ئەبەدی و ئەزەلی کردنی سیستەمەکانیان..گرنگترین چەک بۆ ئەمە میدیاکانی ئەم سەردەمانەی وولاتانی سەرمایەدارانن..لە گەل ئەوەش هەمووومان ناچارین رۆژێ چەندین کاتژمیر سەیری میدیاکان بکەین و گوییان بۆ شلکەین.. کە ژەهراوترینیان بلندگۆکانی شوینە بە ناو پیرۆزەکانە..کە جگە لە رەزالەت و دەردەسەری و کوشتن و برین لە سەردەمی ئیستادا نیە، ئیتر کامە پیرۆز.پیرۆزی ئەبەدی سەرمایە لە سی ئن ئن ەوە تا دەگاتە خوتبەی هەینی مەلاکانی وولاتە ئیسلامیەکان و هەموو مەزهەبەکانی تر کە لە واقعدا پاراستنی پیرۆزی سەرمایە خوازیاریانە..میدیا میدیای چینی دەسەلاتدارە...خەلکی قوربانی ئەم پیرۆزیەیە...

## مۆدەی سیاسی

ئەگەر باس لە مودە بکەین لە سیاسەتدا دەبی باس لە خودی مودە بگەین..مودە هەر شتیکە کە لە دەورانیکی دیاریکراو رەواجی هەیە. جا چ لە جل و بەرگ و قژ تا شین بی تا دەگاتە سیاسەت و بەریوەبردن..
لە میژووی سیاسی هاوچەرخدا مۆدەی سیاسی وەکو مۆدەی جل وبەرگی پیشانگاکانی پاریس و میلانۆ و قژی مۆدەی هونەرمەندەکانی هۆلیودی لە چەنشی مارلین مۆرلۆ تا دەگاتە جین فۆنداو جۆن تراڤۆلتا ..هەتا فستانەکانی شاژنی ووێلز دیانا و مۆنیکا لوینسکی هتد هتد... من لیرە جەند نموونەیەک دەهینمەوە...تەنها بۆ مۆدەی سیاسی چەپ و ڕاست لە دەورانە جیاجیاکاندا...
لە دەورانی شەڕی دژی فاشیزم و نازیسم کۆمۆنیزم لە ئەوروپا مۆدە بوو لە دەورانێ ستالینزم و ترۆتسکیزم.. لە دوای گیڤاریزم و فیدلیزم لە دەورانی شەستەکان کە شەری پارتیزانی بوو، دەورانێ بەرەی ساندنیستی لە نیکەراگوا و لە سودان جۆن گەرەنگ لە ئەفریقا نیلسۆن ماندیللا و لە جەزایر بن بیللا لە دوایش بەرەی پۆلیساریو...هتد هتد.. سەردەمانێ زۆربەی ناسینونالیستەکانی رۆژهەلاتی ناوەند مارکسیستە شۆرشگیرەکان بوون..دوای خۆیان کرد بە سۆسیال دیموکرات دوای لەگەل باهۆزی دیموکراسی سەولییان لە بەلەمەکانیان دا..
مۆدەی ئەحزابە مەسیحیەکانی رۆژئاوای کە بەناوی دیموکراسی مەسیحی کار یان دەکردو دەکەن، نازیە نویەکان و بزوتنەوەکانی لە چەشنی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال و چەپی سەوز...هتد داڤیدی و پان ئیسلامیزم و بزوتنەوەکانی تیبت هتد..لیرەدا تۆزی هەلوەستە لەسەر پان ئیسلامیزم دەکەین..چونکە سنووریکی گەورەو میژووی کێشەی لەگەل ئاینەکانی تر لە دەورانی جیاجیادا لە هەمووان زیاترە..
پان ئیسلامیزم مۆدەیەکە لەگەل سەرکەوتنی شۆرش لە ئیران سەری هەلدا لە سەردەمی هاوچەرخ دا.
پان ئیسلامیزم راستە ریشەکەی لە خودی ئیرانیش لەم میژووە دوورترە بەلام لە سەردەمی ئیستادا مۆدەی نیزامی ئیسلامی و حزبی اڵلّەی لەو کاتدا دەست پێدەکات...لەگەل ئەمدا کە مەزهەبی شیعییە لە ئەفغانستان هیزەکانی مجاهدین بە پشتیوانی ئەمریکا دوای سەرکەتنەکانیان ، هیزەکانی شیعەکان و

سونیەکان لە جەنگی بەردەوام بوون . بە واقعی شەری شیعەکان و سوونەکان بوو بە پشتیوانی پاکستان و ئیران و ئەمریکا و عەرەبستانی سعودی و ئەمارەتەکانی خەلییجی فارس..هەرجارەی یەک سەردەکەوتوو ئەویتر دەبووە پەناهەندە.بەکورتی گەمەی مشک و پشیلە بوو.
بزوتنەوەی طالیبان هەمان بزوتنەوە مەزهەبیە یە بوو کە لە ریشەی جمالەددینی ئەفغانی و کەسە مەزهەبیەکانی رۆژهەلاتی ناوەند قەراریگرتووە..
تاکتیکی پارتیزانی حەماس لە دژی ئیسرائیل . خۆ تەقاندنەوە دژی تانک و ئەپاشی.. مەسەلەی فەلەستینی لە مەسەلەیەکی سیاسی رەوا بۆ دیاریکردنی چارەنووس بۆ چارەنووسێکی بێ چارەنووس برد.
ناسیونالیزمی شۆڤینزمی عەرەبی لە دەرەوەو ناوەوە لە دونیای عەرەبی پشتیوانیان لەم تاکتیکە کرد. تاکتیکی سەربازی بێ هیچ پشتیوانیکی تیوری، نەک هەر خۆیان بوونە قوربانی بەلکو مەسەلەکەشیان..هیچ گەلێ بۆ گەیشتن بە ئازادی ئەم تاکتیکەی نەگرتووە و ناگرێ..
بەهەشت و زیندوو بوونەوە رق و قین و تۆلە ئەم تاکتیکەی بە دەست هینا.. سیاسەتی هەموو کارێ کاردانەوەیەکی هەیە..مەسەلە زیندووەکان لە بەین دەبا.
تیرۆریزم دیاردەیەکی نیونەتەوەیی نیە، تیرۆریزم دیاردەی رادیکالیزمی ئیسلامیە لە رۆژهەلاتی ناوەندا دەستی پیکرد.. رووداوی 11 ی سیپتمبەر دژی ئەمریکا ئەم دیاردەی زیاتر بە دونیا ناساند..
هەموو ئەو هیزو پارتە سیاسیانەی لەگەل سیاسەتی ئەمریکا نین، دەسەلاتدارانی ئەمریکا لە لیستی تیرۆر ناونوسیان کردن، تەنانەت دەولەتانییشی گرتەوە..لەواقع دا لیستەکە تەنها وولاتانی پیشەسازی حەوت و رووسیەی کەم بوو..
میدیای سەردەمی ئەمرۆ ئەم دیاردەیەی کردە مۆدەی هیرشکردنی ئەمریکا دژی نەیارانی شکلی یان..
پان ئیسلامیزم بە بێ پەردە لە بلاوکراوەکانیان دا بەردەوامی خۆیانیان بۆ سیاسەتەکانیان نیشان دەدەن.هیزە رادیکالەکانی ئیسلامی لە دەورانی خەلیفەکانی راشدین یان تێ پەراندووە..کردەوەکانیان لە کوشتن و سەربرین و خۆتەقاندنەوە بێزاری تەواوی خودی ئیسلامیکی ئاسای دەباتە کەشکەلانی فەلەک..ئەم بلقی سەرئاوە بەڵایەکی تری سەرمایەداریە بۆ گەلانی دونیا..ئەم دیاردەیەش کۆتای دێ درەنگ و زوو بەلام تا سەرمایەداری لە دەسەلات بێ، هەر جارەی مۆدەیەک و رەزالەتی زیاتر بۆ کۆمەلانی خەلک دێ...
ئیسلامیەکان وەلامی شمولییان بۆ گەلانی دونیا نیە، ئیسلامیەکان بەناو لەشەرێکی دیفاعی دان، دژی کافرو داگیرکەران..
خەلکی شاری مەدرید و لەندەن بە باوەر و بێ باوەر هەرگیز ئاینی ئیسلام وەک ئەلتەرناتیف نازانن، ئەگەر خۆ تەقیەنەوە هەبێ یان نا..
تەنها ئیسلامیەکان سیاسەتی دژایەتی کاولکارییان گرتۆتە بەر بۆ کۆتایی هێنان لە کێشە لەگەڵ ئەمریکاو غەرب..لە مەشیان ئیسلامیزم کەم ئاشنان و هەر خۆیان تەمێکی دروستکراوی سیاسەتەکانی سەرمایەدارانن و هەرکا ڕەوانەوە....
مۆدەی نوێ لە میدیا بەریزەکانی ئەمریکاو غەرب دەبیستین چۆن مۆدەی جلکی برتنی سپیرس و شەکیرا کە لەوێ دەبینین، بەلام ئەوکات بۆ سیاسیەک درەنگە.لە دواین دراسەی ستراتیژی ئەمریکا خۆ ئامادەکردنی ئەمریکایە بۆ ئەنجامدانی دوو شەڕ لە یەک کاتدا.
مشاهەداتەکانی ئەمرۆ وا دەگەیەنن کە گەشەی ئابووری لە چین و هیندوستان،ململانێی کالاکانی ئەم دوو وولاتە لەگەل کالاکانی بەرهەمی کۆمپانیا ئەمریکیەکان بۆنی شەری ئایندەیان لێ دێ..هەلویستی ئەمریکا بەرامبەر ئەم ئالوگۆرە لە بەرهەمهینانی وولاتی چین دانانی سەنتەریکی ئەتۆمیە لە ناوەراستی ئوستراليادا......یان وەرەقەی تایوان لە کاتی راکیشانی جۆکەردا...خۆ مەسەلەی کشمیر کافیە بۆ هیند..
هەموو سیاسەتمەدارانی کوردستان دەبێ ئاگاداری تەواوی ئالووگۆرەکانی مۆدەکان بن..ناکری مەسەلەکان دوور لە ئالووگۆرەکانی تری دونیا ببینین..لە هەمان کاتدا دەبێ زۆر سەلیمانە مامەلە لەگەلیاندا بکرێ..دەبێ خەلکی کوردستان لە دیاریکردنی مەسەلە چارەنووس سازەکاندا بەشداری بە واقعی بکەن. ئەوکاتە بەسەرچوو بازنەی مفاوەزات لەسەر چارەنووسی خەلکی کوردستان لە سنووری پارتی سیاسی دیاریکراوبیت..دەبێ نوینەرانی خەلکی کوردستان راشکاوانە هەموو هەنگاوەکان لە سەرکەوتن و شکستدا لە سەر مەسەلە سەرەکیەکان بۆ خەلکی کوردستان بەیان بکەن..ئەگینا میژوو محاسەبەیان دەکات..
مۆدەی تیرۆریزم بەشی خۆی لە سنووری کوردستان وەرگرتووە و دەگرێ..ئەگەر دەسەلاتداران لە کوردستان دەیانەوێ ئەمانە لەرەگەوە ریشە کێش بکەن دەبێ هەموو خەلکی کوردستان بەشداری تییادا بکات..بە کورتی دەبێ خەلکی کوردستان بەهرەمەند بن لە داهاتی نەتەوەیی ئەم وولاتە نەک کۆمەلە کەسێ..لە هەمانکاتتدا دەبێ ئەمنی نەتەوەیی لە کوردستان فەراهەم بێ..سوپای نەتەوەیی دروست بکریت و بەرپرسیار بێ لە ئەمن و ئاسایش لە وولاتتدا..ناکری چیتر میلیشیای پارتە سیاسیەکان ئەم ئەرکە بگرنە دەست..دەبێ سیاسەت و کیشە سیاسیەکان لە سنووری سیاسی تێنەپەرێ، سوپای نەتەوەی ئەرکی سوپای خۆی ببینی دوور لە هەر کیشەیەکی سیاسی..

بەرەنجام دەکرێ بلێین سەرف کردنی داهاتی نەتەوەی لە خەلکی کوردستان ..دامەزراندنی سوپای نەتەوەیی بۆ زامن کردنی ئەمنی نەتەوەیی بۆ هاوولاتییان..سەروەری یاسا لە کۆمەلگا..ریگرن لەبەردەم گەشەی دیاردەی تیرۆر و تیرۆریزم و هەر مۆدەیەکی تر کە ئەمن و ئاسایش و ژیانی ئینسان بەرەو دواوە دەبا..